پوختەی کتێبەکە:

هیوم، ئەم سەرگورشتەیەی ژیانی خۆی لەژێر سەردێڕی ژیانی خۆم (My own Life)، چەند مانگێک پێش مردنی لەبارەی ژیانی خۆیەوە نووسیوە و وەسێتی کردووە کە لە چاپی دواتری کۆی بەرهەمەکانیدا، بڵاو بکرێتەوە.

ژیانی خۆم

بۆ مرۆڤ دژوارە کە بەبێ خۆپەرستی، زۆر لە خۆی بدوێت، لەم ڕووەوە بەکورتی دەدوێم. ڕەنگە هەر ئەمە، کە بانگەشەی نووسینەوەی [چیرۆکی] ژیانی خۆم دەکەم، بە نموونەیەک لە خۆپەرستی لەقەڵەم بدرێت. بەڵام ئەم چیرۆکە، بێجگە مێژووی نووسینەکانم، شتێکی دی ناگرێتە خۆی، چونکە لەڕاستیدا کەم تا زۆر تێکڕای ژیانی من بە هەوڵدان و سەرقاڵییە ئەدەبییەکانەوە براوەتە سەر. یەکەمین سەرکەوتنی نووسینەکانم، هەندە نەبوو کە ببێتە مایەی خۆپەرستی.

من لە ڕۆژی بیستوشەشەمی ئاپریلی ١٧١١دا، بەگوێرەی ڕۆژژمێری دێرین، لە ئێدنبۆرک [لە سکۆتلەند] لەدایک بووم. سەر بە بنەماڵەیەکی خانەدانم، هەم لە دایک و هەم لە باوکەوە.
بنەماڵەی باوکم تیرەیەک لە بنەماڵەی ئێرل هیوم یان هیومیان (s Hume') بوو و پێشینانم، نەوە لە دوای نەوە، خاوەنی موڵکێک بوون، کە ئێستا لە دەستی براکەمدایە. دایکم کچی سێر دەیڤید فالکۆنێر Sir David Falconer، بەڕێوەبەری کۆلێژی جاستیس Justiceبوو؛ نازناوی لۆرد هالکرتون Halkerton هەر بە میرات بۆ براکەی مایەوە. بەڵام خێزانەکەی من دەوڵەمەند نەبوون و من لەبەرئەوەی برابچووک بووم، بەگوێرەی بەندوباوی وڵاتەکەم پشکێکی ئێجگار کەم لە میراتی باوکمم پێبڕا. باوکم، کە بە پیاوێکی دەستڕەنگین لەقەڵەم دەدرا، لە سەروبەندی منداڵیمدا مرد و من و برا گەورە و خوشکەکەمی لە سایەسای دایکم دانا، کە ژنێکی ئێجگار سەلار و لێوەشاوە بوو و بەو هەموو لاوێتی و جوانییەی خۆیەوە، سەرتاسەری ژیانی بۆ پەروەراندن و فێرکردنی ڕۆڵەکانی تەرخان کرد. قۆناغی ئاسایی پەروەردەم بە کامەرانی بردە سەر و هەر لە سەرەتاوە بوومە شەیدای ئەدەبیات و ئەمە سەرترین شەیدایی ژیانی من و سەرچاوەی گەورەی خۆشییەکانم بووە.

خدووی زانستۆژەرانە و بارستی ڕەفتار و کارزانیی من، ماڵباتەکەمی بەوە قایل کرد کە پیشەی شایانی من دادوەرییە. بەڵام من خۆم بێجگە فێربوونی فەلسەفە و زانیاریی گشتی، لە هەموو شتانی دیکە بێزار بووم و لە کاتێکدا کە [خزمانم] پێیانوابوو لە بەرهەمەکانی ڤۆئت و ڤی نیوسدا ، نغرۆ بووگم، نووسەرانێک کە لە پەنادا بە هەڵپەوە نووسینەکانیانم دەخوێندنەوە، سیسرۆ و ڤێرژیل بوون. بەڵام لەبەرئەوەی سەرمایەی ئێجگار کەمم لەتەک ئەم شێوە ژیانەدا نەدەگونجا و خەڵوەکێشانم [لە فێربوونی زانستدا] بڕستی لێ بڕیبووم، کەڵکەڵە نیشتە کۆڵم، یان ڕەنگە ناچار کرام کە بۆ چوونەنێو مەیدانێکی بەگوڕوتینتری ژیان، کەمێک تێبکۆشم. لە ساڵی ١٧٣٤دا، چووم بۆ بریستۆل و هەندێ ڕاسپاردەنامەم بۆ بازرگانانی بەهورم (معتبر) لەگەڵ خۆمدا برد، بەڵام چەند مانگێک تێنەپەڕی، کە بارودۆخی ئەوێم بۆ حاڵی خۆم بە نالەبار زانی. لەوێوە چووم بۆ فەرەنسا، تا توێژینەوەکانم لە سووچێکی پەنا لە گونددا دانەدوو بکەم و لەوێدا گەڵاڵەی ژیانی خۆم، کە بە چەشنێکی لەبار و ئاسوودە وەگەڕم خستووە، داڕشت. نهێمم وەبەر خۆ نا، تا بە

دەستپێوەگرتنێکی چەتوون، کەمیی سەرمایەم قەرەبوو بکەمەوە، تا لە پوشتەوپەرداخیم شتێکی ئەوتۆ کەم نەبێتەوە و هەموو کارێک، بێجگە پێشکەوتنی بەهرەم لە ئەدەبیاتدا، بە سووک و چرووک لەقەڵەم بدەم. لە کاتی گۆشەگیریم لە فەرەنسا، سەرەتا لە ڕنس/ڕیمس، Rheims بەڵام زیاتر لە لافلێش La Flèche، گوتارنامەیەک لەمەڕ سروشتی مرۆڤەوەم ( Human Nature Treatise of) نووسی.

پاش ئەوەی سێ ساڵی ئێجگار خۆشم لەو وڵاتەدا بردە سەر، لە ساڵی ١٧٣٧دا هاتم بۆ لەندەن و لە کۆتایی ساڵی ١٧٣٨دا، گوتارنامەکەی خۆمم بڵاو کردەوە و دەستبەجێ چووم بۆ لای دایکم و براکەم. براکەم لە هاوینەهەوارەکەیدا دەژیا و ژیرانە قۆڵی لە پێکەوەنانی سامان هەڵماڵیبوو و بە کامەرانی گەیشتبوو. هیچ بەختگرتنەوەیەکی ئەدەبی چارەڕەشانەتر لە چارەی گوتارنامەیەک لەمەڕ سروشتی مرۆڤەوە نەبووە.......

هەمیشە ئەم بیرەم لە مێشکمدا سفتوسۆ دابوو، کە ناکامیم لە بڵاوبوونەوەی گوتارنامەیەک لەمەڕ سروشتی مرۆڤەوە، زیاتر هۆیەکی ڕواڵەتیی هەبووە تا مینەوی (مەعنەوی) و سووچم لە پەلەپرووزێ بۆ لەچاپدانی ئەو کتێبە، گوساخییەکی ئێجگار ئاسایی بووە. لەم ڕووەوە، بەشی یەکەمی ئەو بەرهەمەم لە چوارچێوەیەکی تازە، لە کتێبی توێژینەوە لەبارەی تێگەیشتنی مرۆڤەوە (Enquiry concerning Human Understanding) هێنایەوە، کە لە کاتی مانەوەم لە تۆرێن، بڵاو کرایەوە. بەڵام سەرکەوتوویی ئەم بەرهەمە لە سەرەتاوە چەندان زیاتر لە گوتارنامەیەک لەمەڕ سروشتی مرۆڤەوە نەبوو. لە گەڕانەوەم لە ئیتالیا، لەوەی کە کتێبی توێژینەوەی ئازاد (Free Enquiry) لە نووسینی د. میدڵتۆن لە بەریتانیا، هەرایەکی نابووەوە و بەڵام بەرهەمەکەی من لە گومناوی و پشتگوێخستندا مابووەوە ، ئێجگار ڕەنجام......

چاپی تازەی گوتارە سیاسی و ڕەوشتییەکانم، کە لە لەندەن بڵاو ببوونەوە، چەندان وەبەر پەسند نەکەوتن. هێزی خدووی سروشتی وەهایە، کە ئەم ناکامییانە هیچ کاریان تێنەکردم یاخۆ ئەگەریش کاریان تێکردم، شتێکی ئەوتۆ نەبوو. لە ساڵی ١٧٤٩دا لەندەنم بەجێهێشت و دوو ساڵ لای براکەم لە ماڵە زۆزەکەیدا مامەوە، چونکە لەو دەمەدا دایکم مردبوو. لەوێدا دووەمین بەشی گوتارەکانی خۆم بە ناوی گوتارە سیاسییەکان (Political Discourses)، هەروەها توێژینەوە لەبارەی بنەواشەکانی ڕەوشت (Enquiry Concerning the Principles of Morals)م نووسی، کە بەشێک لەو گوتارنامە تازەگەلاڵەکراوەیەم بوو. هەر لەم سەروبەندەدا، بڵاوکەرەوەکەم، ئەی میلەر، A. Miller هەواڵی بۆ ناردم کە لەبارەی کتێبەکانی پێشووم، بێجگە گوتارنامە چارەڕەشەکەم، گفتوگۆیەک هاتووەتە کایەوە و ڕێژەی فرۆشیان کەم کەم هەڵکشاوە و پێویستە سەرلەنوێ چاپ بکرێنەوە. هەموو ساڵێک دوو یان سێ وەڵام لە قەشە و ئوسقۆفەکانەوە دەگەیشت و لە پلاری د. واربرتۆن تێگەیشتم، کە کتێبەکانم بەلای ماریفەتدۆستانەوە خۆشەویستییەکی پەیدا کردووە. .....

لە ساڵی ١٧٥١دا، لە گوندەوە چووم بۆ شار، [چونکە] مەیدانی ڕاستەقینەی پیاوی ئەدەب، شارە. لە ساڵی ١٧٥٢دا، کاتێک کە لە ئێدنبورک بووم، گوتارە سیاسییەکانم بڵاو بووەوە و ئەمە تەنیا بەرهەمێکی من بووە کە پاش یەکەمین چاپ بەختەوەر بووە. ئەم بەرهەمە لە دەرەوە و نێوەوەی بەریتانیا بەباشی پێشوازیی لێکرا. هەر لەو ساڵەدا، توێژینەوە لەبارەی بنەواشەکانی ڕەوشت، لە

لەندەن بڵاو کرایەوە، کە من پێم وایە (کە دیارە نابێ لەم بارەوە داوەری بکەم)، لەنێو نووسینە مێژوویی و فەلسەفییەکانمدا، بەشێوەیەکی لە بەراوەردبەدەر، لە هەموویان باشترە. ........

لەم مەودایەدا، مێژووی سرووشتیی دینم (Natural History of Religion) لەتەک چەند بڕگەیەکی دیکە لە لەندەن بڵاو کردەوە. بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو، بێجگە لەوەی د. هورد گوتارنامەیەکی بە هەموو تووڕەیی و چاوقایمی و جنێودانی نائازادیخوازانە، کە شێوەی ڕێبازی واربرتۆنە، بە دژی نووسیی. گوتارنامەکەی د. هورد تا ڕادەیەک لەجێی بێباکیی خەڵکی، بووە مایەی دڵدانەوەم.

(پوختەی)

لەمەڕ ئەوەی کە فرەخودایی، دینی یەکەمینی مرۆڤان بووە ١

لە دیدی منەوە، ئەگەر چلۆنایەتیی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆیی لە سەردەمی دڕاندایەتییەوە تا پایەی پێگەیشتنی، تاووتوێ بکەین، دەبینین کە فرەخودایی یان بتپەرستی، یەکەمین و کۆنترین دینی مرۆڤان بووە، یان بەگوێرەی پێویستی، وێدەچێ کۆنترین بووبێت. تێدەکۆشم تا ئەم ڕایە بەم بەڵگانەی خوارەوە پتەو بکەم.

نatwانین نکۆڵی لەوە بکەیت کە نزیک بە هەزار و حەوتسەد ساڵ لەوەوپێش، مرۆڤان خواوەندانی فرەچەشنیان پەرستوون. بنەواشە تاریک و گومانکارانەکانی چەند فەیلەسووفێک یان خوداناسیی یەک دوو گەلێک (ئەوەش بە شێوەیەک کە بەتەواوی بێگەرد نەبووە)، خەوشێکی ئەوتۆی شایانی ڕامان [لەم باوەڕە] نادات. بەڵام لە گەواهیی ڕۆشنی مێژوو بڕوانن. هەتا زیاتر بۆ ڕۆژگاری دێرین بگەڕێینەوە، زیاتر مرۆڤ نغرۆی فرەخودایی دەبینین [و] هیچ ناونیشانێک لە دینێکی تەسەلتر نابینین. کۆنترین بەڵگەنامەکانی مرۆڤان پێشان دەدەن، کە فرەخودایی

باوەڕێکی خەڵکپەسند و سەقامگیر بووە. باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، تێکڕایان بە کۆدەنگییەوە گەواهیی ئەم خاڵەن. چ شتێک دەتوانێ لەبەرانبەر هەنجەتێکی وەها لێبڕاودا خۆڕاگری بکات؟

هەندەی نووسین یان مێژوو پێشانی دەدات، [وا دەردەکەوێت] مرۆڤان لە ڕۆژگارانی دێریندا، وادیارە بە تێکڕایی فرەخوداپەرست بووگن. ئایا لەتەک هەموو ئەمانەدا، دەتوانین بێژین کە خەڵکان لە سەردەمانی دێرینتردا، پێش پەیدابوونی هونەری نووسین یان دۆزینەوەی هەر چەشنە هونەر یان زانستێک، باوەڕیان بە بنەواشە پەتییەکانی خوداناسیی هەبوو؟ ئەمە بەو واتایەیە کە خەڵکان تا ئەو کاتەی کە نەزان و دڕندە بوون، ڕاستییەکەیان دەزانی، بەڵام هەرکە فێری زانست و ئەدەب بوون، ڕێگەیان ون کرد. بەڵام ئەم گوتەیە نەک تەنیا لەتەک تێکڕای دیاردەکانی شیمان (احتمال)، بەڵکو لەتەک زانراوە هەنووکەییەکانی ئێمە لەبارەی بنەواشە و باوەڕەکانی خەڵکی دڕندە، تێکناکاتەوە. هۆزە هۆڤەکانی (وەحشەکان) ئەمەریکا و ئەفریقا و ئاسیا، هەموویان بتپەرستن. ئەم بڕیارە تەنانەت ڕیزپەڕێکیشی تێدا نییە، تا ئەو جێیەی کە ئەگەر ڕێبوارێک ڕێی بکەوێتە سەرزەمینێکی نەناسراوەوە و بۆی دەربکەوێ خەڵکی ئەو شوێنە خاوەنی هونەر و زانستن، تەنانەت ئەگەر هەندێ نیشانە لەمەڕ بەرتەکدانەوەی خوداناسیی ئەوان ببینێت، بەڵام پێش توێژینەوەیەکی تێروتەسەلتر، ناتوانێ بە بێخەمی لەبارەیانەوە داوەری بکات. بەڵام ئەگەر بۆی دەربکەوێت ئەو گەلە نەزان و دڕندەن، دەتوانێ پێشوەختە بە بتپەرست لەقەڵەمیان بدات و لەمبارەوە کەمتر ئەگەری هەڵەی ئەو لەئارادایە.

(پوختەی)

بونیادی فرەخودایی ٢

لەم ڕووەوە، ئەگەر بمانەوێ لەبارەی چلۆنایەتیی بونیادی دین کونجکۆڵ ببین، دەبێ هزرمان لەبەرانبەر فرەخودایی یان دینی یەکەمینی مرۆڤانی نەزان بەرئاوەڵا بکەین.

ئەگەر خەڵکی بە تێڕامان لە دیاردەکانی سروشت، بە پەیبردن بە هێزێکی نەبینراو و هۆشیار ڕێنموونی کرابان، هەرگیز نەیاندەتوانی بڕوایان بە شتێک هەبێت جگە لە بوونێکی یەکتا، کە ئەم دەزگا بەشکۆیەی هێناوەتە بوون و شیرازەی پێداوە و تێکڕای بەشەکانی لە ڕووی گەڵاڵەیەکی تەکووز یان سیستمێکی هەموار، ڕازاندووەتەوە. چونکە ئەگەر بەلای کەسانێکەوە کە بەشێوەیەکی تایبەت تێبهزرن، ڕەنگە ئەوەندە گۆترە نەنوێنێ، کە چەند بوونێکی سەربەخۆ و خودان بەرزترین پایەی ئاوەز، لە بەرهەمهێنانی ئەو ئامێرە و بەکاربردنی گەڵاڵەیەکی تەکووز یەکبگرن، بەڵام وەها گریمانێک سەرەڕۆیانەیە، کە ئەگەریش بە لواو لەقەڵەم بدرێت، هەمدیس دەبێ دانی پێدا بنرێت کە شیمان و هەرە پێویستیی هیچکامیان دروستییەکەی ناسەلمێنێ. هەموو شتێک لە گەردووندا وەکیەک دەنوێنێ. هەر شتێک لەتەک شتێکی دی، ساز و کۆک کراوە و سەرتاسەری گەردوون دەورێکی یەکبووی هەیە. ئەم هاوشێوەییە، هزر بۆ ئەو شوێنە ئاڕاستە دەکات کە دان بە کردگارێکی یەکتا بنێت. چونکە وێنای ئافرێنراوانی هەمەجۆر، بەبێ ئەوەی سیفەتەکان و کارەکانیان بناسرێنەوە، بێجگە ئاڵۆزاندنی هزر سوودێکی دیکەی نییە و تێگەیشتنیش زاخاو نادات. هەروەک پلینی(١) فێرمان دەکات، پەیکەری لائۆکۆن(٢) دروستکراوی سێ هونەرمەندە. بەڵام ئەگەر کەسێک ئەمەی بە ئێمە نەگوتبا، هیچکات پێمان وانەدەبوو چەند پەیکەرۆکەیەک، کە لە یەک بەرد تاشراون و بە گەڵاڵەیەک پێک بەستراون، تەرخاو و ڕەخساوی پەیکەرسازێک نەبووە. وەپاڵدانی بەرهۆیەک بۆ چەند هۆیەک، بێگومان گریمانێکی سروشتی و بەڵگەنەویست نییە.

لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر شوێنەوارەکانی سروشت بخەینە لاوە و ئەو هێزە نەبینراوانە لە ڕووداوە هەمەجۆر و نەسازاوەکانی ژیانی مرۆڤدا پەیجۆر بکەین، ئەوکات بە ناچار بە ڕێگەی فرەخوداییدا دەچین و باوەڕ بە چەند خواوەندێکی سنووردار و کڵۆڵ دەهێنین: هەرچییەک کە خۆر دەپیەروەرێنێ، گەردەلوول و تۆفانەکان تێکەوە دەپێچێ و هەرچییەک نمی شەونم و باران لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێ و هەرچییەک کە هەتاو وشکی دەکاتەوە. هەندێ جار جەنگ بۆ حاڵی گەلێک کە لە لووتەلایی وەرزەکان تووشی قاتوقڕی هاتووە، سوودمەند دەبێ و گەلێ جار وا دەقەومێ کە نەخۆشیی، وڵاتێک لە هەرەتی فراوانی و زەوەندیی خوردوخۆراکدا، قڕ دەکات. هیچ گەلێک ناتوانێ هاوکات، بە یەکسانی، لە ڕێگەی دەریا و وشکانییەوە کامەران بێت. نەتەوەیەک کە ئەمڕۆ بەسەر دوژمنانیدا زاڵ دەبێت، زۆر وێدەچێ بەیانی لەبەرانبەر چەک و جبەخانەی پێشکەوتووتری ئەواندا بەچۆکدا بێت.......

(پوختەی)

لێکەوتەی ئەم گوتارە (گوتاری پێشوو) ٣

ئێمە لەم جیهانەدا وەک بڵێی لە کارستانێکی گەورەداین، کە لەودا پاڵنەرەکان و هۆ ڕاستەقینەکانی هەر ڕووداوێک، سەرلەبەر لە چاوی ئێمەوە وەشێراوە. نە ئەوەندە داناین کە ئەم کارانە پێشبینی بکەین و نە هەندە بەتواناین، کە پێش بەو بەڵایانە بگرین کە هەردەم هەڕەشەمان لێدەکەن. پەیتاپەیتا لە نێوان مەرگ و ژیان، لەشساخی و نەخۆشیی، دەوڵەمەندی و هەژاریدا بڵیند و نەوی دەبین و هۆگەلی پڕڕەمزوڕاز و نەناسراو، کە کارەکەیان زیاتر لەنەکاو و بەردەوام لەپاساوبەدەرە، ئەم شتانەشیان لە نێوان مرۆڤاندا دابەش کردووە. کەوابوو، ئەم هۆ نەناسراوانە، بەردەوام دەبنە مایەی ترس و هیواکانی ئێمە. لە کاتێکدا کە سۆزەکانمان لەبەر چاوەڕوانیی تێکەڵ بە ترسی ڕووداوەکان بەردەوام پڕترس و ورووژاون، خەیاڵکردی ئێمەش لەو هێزانەی کە بەم جۆرە گیرۆدەیانین، پەیتاپەیتا هەندێ وێنا دروست دەکات. ئەگەر خەڵکی توانیبایان سروشت لە ڕووی شیمانکراوترین یان لانیکەم دوورەزەینترین دانایییەکان شرۆڤە بکەن، لەوە تێدەگەیشتن کە ئەم هۆیانە شتێک نین جگە لە چنراو و پێکهاتەیەکی تایبەت لە بەشە بچووکەکانی لەشی خۆیان و شتانی دەرەوەی جیهانی دەرەکی و هەموو ئەو ڕووداوانەی کە تێکڕای ئەوان دەترسێنێ، بەرهەمهاتووی دەزگایەکی تەکووز و بەردەوام کارایە. بەڵام ئەم دانایییە، سەرتر لە تێگەیشتنی خەڵکی ڕەشۆکییە، کە هۆ نەناسراوەکان تەنیا بەشێوەیەکی هەمەکی و ناڕوون و لێڵ دەناسن، ئەگەرچی خەیاڵکردی ئەوان، کە بەردەوام بەم بابەتەوە خەریکە، بە ناچار بۆ گەیشتن بە وێنایەکی تایبەت و ڕۆشن لەم هۆیانە تێدەکۆشێ. کۆمەڵانی خەڵک هەتا زیاتر لەم هۆیانە بنۆڕن و نەسەلمێنراوبوونی کارکردیان ببینن، کەمتر لە توێژینەوەکەی خۆیان شادمان دەبن. خۆ ئەگەر لە خدوی مرۆڤدا حەزێک نەبوایە، کە [حەزەکەی] بۆ پەیداکردنی سیستم و شیرازەیەکی شادیهێن ئاراستە بکات، بێگومان خەڵک دەستیان لە تێکۆشانێکی وەها دژوار هەڵدەگرت. هەموو خەڵک حەز بەوە دەکەن بوونەکان [لەگەڵ خۆیاندا بەراورد بکەن و] هەروەک خۆیان گریمانی دەکەن، هەموو شتێک بە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە بزانن، کە بەبێ بژیوان لەگەڵیاندا ئاشنان و لە نزیکەوە لێیان ئاگادارن. ئێمە لە مانگدا ڕوخساری مرۆڤان و لە هەورەکاندا لەشکر و سوپاکان دەبینین و ئەگەر تاقیکردنەوە یان هزر ئێمە بە ڕێگەی ڕاستدا نەبات، ناتۆرەی نیازخراپی یان نیازپاکی وەپاڵ هەر شتێک دەدەین، کە ئازارمان بدات یان بمانلاوێنێ. برەوداریی و جوانیی کەسایەتیپێدان (تشخص) لە شیعردا لێرەوەیە، کە بە هۆیەوە درەختان و کوێستانان و جۆباران کەسایەتییان پێدەدرێ و کەرتە بێگیانەکانی سروشت هەست و سۆزیان بە بەردا دەکرێت.

ئەگەر ئەم میتافۆر و دەربڕینە شیعرییانە بڕوانەکردەنی بن، بەڵام ئەم سوودەیان هەیە، گەواهیی حەزێک لە خەیاڵکردندا دەدەن، هەر ئەو خەیاڵکردەی کە بەبێ ئەوە، هیچ میتافۆرێک و هیچ دەربڕینێک نە جوان دەبێت، نە سروشتیی......

(پوختەی)

خواوەندانێک کە بە ئافرێنەران یان نەخشێنەرانی جیهان ناسراون ٤

تاکە خاڵێک کە لە زانستی یەزدانناسییدا کەم تا زۆر تێکڕای خەڵک لەسەری کۆکن، ئەوەیە کە لە جیهاندا، هێزێکی نەبینراو و هوشیار هەیە. بەڵام ئەمە کە ئەم هێزە سەرترینی هێزەکانە، یاخۆ بندەستی هێزێکی دیکەیە و ئایا لە گەوهەرێکی سنووردارە یان لە نێوان چەند گەوهەرێکدا بڵاو کراوەتەوە و ئایا ئەوانە دەتوانی خودان چ سیفەت و تایبەتمەندیی و ڕایەڵ و ڕەفتارگەلێک بزانی، لەبارەی تێکڕای ئەم خاڵانەوە، ڕێبازە جەماوەرییەکانی یەزدانناسیی گەلێ جیاوازییان پێکەوە هەیە. پێشینانی ئێمە لە ئەوروپا پێش ڕابوونی ئەدەبی (Renaissance)، هاوشێوەی ئێمە لەم سەردەمەدا، پێیان وابووە کە خودایەکی سەرتر و یەکتا سروشتی ئافراندووە، خودایەک کە ئەگەرچی خۆی باندەستی نییە، بەڵام بەزۆری بە هاریکاریی فریشتان و ڕاسپێردراوانی خۆی، کە کارگوزاری مەبەستە سپیتاکانی ئەون، هێزی خۆی وەگەڕ دەخات. بەڵام ئەوان هەروەها پێیانوابوو کە سەرتاسەری سروشت تەژی لە هێزە نەبینراوەکانیشە، کە پەرییەکان و درنجان و جنۆکان و هاوزاکانن و ئەمانە بوونەوەرانێکی بەهێزتر لە مرۆڤانن، بەڵام بێتواناترن لەو گەوهەرە ئاسمانییانەی کە بە دەوری سەری خودادا بەرهەڤ کراون. هەنووکە وای گریمان بکەن کە لەو سەردەمانەدا کابرایەک نکۆڵی لە بوونی خودا و فریشتەکانی کردبا. ئایا گوناهەکەی ئەو، تەنانەت ئەگەر بە بەڵگەهێنانەوەیەکی نامۆ و هەڵپەتەئاسا(سفسگە یمیز)، چیرۆکە ڕەشۆکانەکان لەبارەی جنۆکە و پەرییەکانی دروست و پاساودار هەژمار کردبا، شایانی ناوی خودانەناسیی نەدەبوو؟ جیاوازیی نێوان ئەم کەسە و خوداپەرستیی ڕاستەقینە، گەلێ جیاوازتر لە جیاوازیی نێوان ئێمە و ئەو کەسەیە کە نکۆڵی لە هەرجۆرە هێزێکی نەبینراو و هۆشیار دەکات و هەڵەیە کە هەموو ئەم باوەڕە دژیەکانە تەنیا بەگوێرەی هاوشێوەییە ڕواڵەتییەکان، بەبێ هیچ جۆرە هاوشێوەییەکی مینەوی (مەعنەوی)، بە یەکسان ناودێر بکەیت......

(پوختەی)

چەشنەکانی فرەخودایی: خەیاڵکرد یان نەزیلەی قارەمانپەرستی ٥

بەڵام کاری ئێمە لێرەدا زیاتر ئەوەیە، کە لە باوەڕگەلی ترۆ و فرەخوداپەرستانەی کۆمەڵانی خەڵک وردتر ڕابمێنین و ڕیشەی دیاردە جۆربەجۆرەکانیان لە بنەواشەکانی خدووی مرۆڤدا پەیدا بکەین.

هەرکەس کە لە ڕێگەی بەڵگەهێنانەوە پەی بە هەبوونی هێزە بەدی نەکراو و هوشیارەکان ببات، دەبێ لەبەر تێبینیکردنی سیستمی سەرسوڕهێنی سروشتییەوە بەم هۆشیارییە گەیشتبێ و وەها بقەبڵێنێ کە گێتی دروستکراوی ئەو گەوهەرە خوداییەیە کە هۆی یەکەمینی تێکڕای شتانە. بەڵام فرەخودایی ڕەشۆک لەجێی ئەوە ئەم هزرە پەسەند بکات، هەر کەرتێکی گەردوون بە پایەی خودایی دەگەیەنێت و هەرکام لە بەروبوومە ئاشکراکانی سروشت بە خودایەکی ڕاستەقینە لەقەڵەم دەدات. لە ڕێ و ڕەچەی ئەودا خۆر و مانگ و ئەستێران بە تێکڕایی خودان: کانییەکان ژینگەی پەرییە دەریاییەکان و درەختەکان ژینگەی هاوزاکانیانن. تەنانەت مەیموون و سەگەکان و پشیلەکان و گیانداران بەزۆری بەلای ئەوەوە سپیتا(مقدس)ن و لە دڵیدا هەستی شەرمبەخۆیی دینی دەورووژێنن. ئیدی بەم جۆرە بە هەر بارتەقایەک کە مرۆڤان زیاتر حەز بە باوەڕهێنان بە هێزە نەبینراو و هوشیارەکانی سروشت بکەن، هەر بەو بارتەقایەش کەیفیان بەوە دێت دڵ بە شتانی هەستپێکراو و بینراو خۆش بکەن و بۆ ئەوەی لە نێوان ئەم بەریانە دژیەکانەدا سازانێک برەخسێنن، بەناچار ئەو هێزە نەبینراوانە دەکەن بە هاویەکی شتانی بینراو.

بەشکرانی بوارە لێکجیاکان[ی ژیان]، لە نێوان ئیزەدانی فرەفاقەدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێبازە جەماوەرییەکانی فرەخودایی لەتەک خەیاڵکردەکان یان ئەو نەزیلانەی کە هەم لایەنی ماتریالی و هەم لایەنی مینەوییان هەیە، تێکەڵ ببن. هەر بەم جۆرە خواوەندی جەنگ، دیارە بە تووڕە و دڵڕەق و مۆن دەقەرسێنن و ئیزەدی شیعر بە نەرمونیان و بەئەدەب و لەبەردڵان و هەروەها خواوەندی بازرگانی (بەتایبەتی لە سەردەمانی پێشووتردا) بە دز و فریودەر وێنا دەکەن. دانی پێدا دەنێم، کە ئەو شانۆیانەی کە لە نووسینەکانی هۆمیرۆس و ئەفسانەنووسانی دیکەدا هاتوون، هەندە زێدەگۆیانەن، کە وێدەچێ هەر ئاوەزمەندێک سەرلەبەریان بەرتەک بداتەوە و تەنیا بە تەرخاو و ڕەخساوی خەیاڵکردی لەخشتەبەری باسکاران و ڕاڤەکارانیان بزانێت......

(پوختەی)

سەرهەڵدانی خوداپەرستی (یەکتاپەرستیی) لە [جەرگەی] فرەخوداییەوە ٦

ڕێ و ڕەچەی خودایەکی سەرتر و ئافرێنەری سروشت، ئێجگار کۆنە و لەنێو گەلانی گەورە و پڕحەشیمەتدا پەرەی گرتووە و لە نێوان ئەواندا لە لایەن توێژەکان و هەموو جۆرە خەڵکێک پەسند کراوە، بەڵام هەرکەسێک کە کامەرانیی ئەم ڕێ و ڕەچەیە بە ڕەخساوی ئەو هەنجەتە لەشکاننەهاتوانە بقەرسێنێ، کە بێگومان لەسەریان ڕۆنراوە، خۆی لە نەزانی و بێئاوەزیی خەڵک و دەمارگیریی بێدەرمانیان (لە پووچەڵانی خۆیاندا) گێل کردووە.

تەنانەت ئەمڕۆکە لە ئەورووپا ئەگەر لە پیاوێکی ڕەشۆکی بپرسن، کە بۆچی باوەڕی بە پەروەردگاری هەمەتوانا*ی جیهان هەیە، هەرگیز لە جوانیی هۆیەکانی پاشەوەتر نادوێ، کە هیچ زانیارییەکی لەبارەیانەوە نییە، هەرگیز دەستی خۆی درێژ ناکات و داواتان لێ ناکات کە لە

نەرمی و جۆربەجۆریی گرێچکی ئەنگوستەکانی بڕوانن و چەمانەوەی هەموویان بەلایەکدا و هاوسەنگییان لەتەک کەڵەموست و نەرمیی لەپی دەستی و بەشە ماسولکەییەکان و تێکڕای چلۆنایەتییەکانی دیکە، کە ئەو ئەندامەی بۆ ڕاییکردنی کارەکەی لەبار کردووە، ببینن. لەمێژە بە هەموو ئەم شتانە ڕاهاتووە و بە خەمساردی و بێباکی لێیان دەڕوانێت. ئەو لەنەکاو لە مەرگی کتوپڕ و ناوەختی کەسێک یان لە کەوتنەخوارەوە و زامداربوونی ئەویدی، یاخۆ لە وشکەساڵیی لەڕادەبەدەری ئەم وەرزە و لە سەرماوسۆڵە و بارانی وەرزەکەی دی قسەتان بۆ دەکات و هەموو ئەمانە سەرلەبەر وەپاڵ خوداسایی دەدات و وەها ڕووداوانێک کە بە بۆچوونی ئاوەزمەندان تەگەرەی سەرەکیی دانپیانان بە هەبوونی ئاوەزی باڵا لە جیهاندایە، بەلای ئەوەوە هەنجەتی هەبوونیەتی.

(پوختەی)

پژڕاسکردنەوەی ئەم ڕێ و ڕەچەیە ٧

حاشاهەڵنەگرە، کە ئەگەرچی کۆمەڵانی خەڵک لە یەکەمین وێناکانی خۆیاندا خودا بە گەوهەرێکی پڕکەمایەسی لەقەڵەم دەدەن و ئەو بە هۆکاری تایبەتی لەشساخی یان نەخۆشی و زەوەندی یان پەنەوازی و کامەرانی یان کوێرەوەری هەژمار دەکەن، بەم پەسنەشەوە هەر کە وێناگەلی پڕشکۆتر [لەبارەی گەوهەری یەزدانییەوە] بەوان تەڵقین بکرێت، پەسندنەکردنی ئەو وێنایانە بە مەترسیدار دەزانن. ئایا ئێوەمانان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خوداکەتان لە باری هێژاییەکانی خۆیەوە پڕکەمایەسی و بنەتاییە (متناهی) و دەکرێ هێزێکی دیکە بۆڕی بدات و گیرۆدەی خەیاڵ و خولیا و ژان و بێتوانایيە مرۆییەکانە و بەراییەکی هەیە و وێدەچێ کۆتاییەکیشی هەبێت؟ [کۆمەڵانی خەڵک] دلێریی گوتنی وەها قسانێکیان نییە و بەپێچەوانەوە، لەبەرئەوەی پێیانوایە بێوەیی لەوەدایە کە پاسەوانی سپیتاییە بڵێندهەڵکشاوەکان (مقدسات برین) بن، بە تاسە و ئیمانێکی ڕواڵەتی تێدەکۆشن، تا خۆیان بخەنە بەر سێبەری میهرەبانیی یەزدانییەوە. بەڵگەی ئەم گوتەیە بەئاشکرا بریتییە لەوەی کە ڕەزامەندیی کۆمەڵانی خەڵک لەمبارەوە تەنیا زمانییە و کۆمەڵانی خەڵک لە پەیبردن بەو سیفەتە بڵێندپایانەی کە دەیخەنە پاڵ خودا، دۆشداماون. وێنای ڕاستەقینەی ئەوان لە خودا، بەپێچەوانەی گوتە بریقەدارەکانیان، هەروەک جاران بێمایە و لەوجەڕانەیە.

مۆغەکان (پیاوانی دینی) دەڵێن ئاوەزی یەکەمین، کە بونیادی تێکڕای شتانە، تەنیا بەبێ نێوەندگیریی، خۆی بۆ گیان و تێگەیشتن[ی مرۆڤ] ئاشکرا دەکات، [بەڵام ئەم ئاوەزە] چەشنی خەیاڵکردی خۆی، خۆری لە جیهانی هەستپێکراودا داناوە و کاتێک کە ئەو ئەستێرە پڕشنگدارە تیرۆژی بە زەوی و ئاسماندا دەپڕژێنێ، تەنیا دەرکەوتێکی لاوازی شکۆیەک کە لە ئاسمانی بڵێنددایە، دەردەکەوێت. ئەگەر بتانەوێ لە تووڕەیی ئەم گەوهەرە یەزدانییە پەناگیر بن،........

(پوختەی)

داکشان و هەڵکشانی فرەخودایی و خوداناسیی ٨

ئەم خاڵە شایانی لێوردبوونەوەیە، کە ڕێ و ڕەچە دینییەکان لە هزری مرۆڤدا وەک بڵێی بەردەوام لە هەڵکشان و داکشاندان و مرۆڤان بەشێوەیەکی سروشتی حەز دەکەن کە لە بتپەرستییەوە بە پایەی بڵیندی خوداناسیی بگەن و لە خوداناسییەوە بۆ پایەی بتپەرستی دابکشێن. خەڵکانی نەزان، یان [باشتر بڵێین] تێکڕای ئادەمیزاد، چەند کەسانێکی لێ دەرچێ، لەبەرئەوەی نەزان و هێڕ و بێزانیارین، هەرگیز هزری خۆیان بۆ ئاسمانەکان هەڵناکشێنن یان توخنی ناسینی ئەندامواری (ئۆرگانیزم) شاراوەی ڕووەکەکان یان لەشی ئاژەڵان ناکەون، تا بەشکم بتوانن لە بوونی هزری بەرین یان خوداساییەکی یەکەمین وەئاگا بێنەوە کە تێکڕای بەشەکانی سروشتی تەکووز کردووە. ئەوان بەرچاوتەنگانەتر و خۆپەرستانەتر لەم شوێنەوارانە دەڕوانن و لەبەرئەوەی بەختەوەری و کوێرەوەریی خۆیان لەسای بڕشتی شاراوە و چاوەڕواننەکراوی شتانی جیهانی دەرەکی دەقەرسێنن، پەیتاپەیتا لەو هۆ نەناسراوانە ڕادەمێنن، کە بەسەر ڕووداوەکانی سروشتدا زاڵن و بە شیرەتی بەمشوور، بەڵام هێمنی خۆیان، خۆشی و ژان و خراپە [بەسەر مرۆڤاندا] دەبەشنەوە......

(پوختەی)

بەراوردی ئەم دینانە لەتەک یەکدی لە باری مڵۆزمی یان بێوەییەوە ٩

فرەخودایی یان بتپەرستیی، لەبەرئەوەی سەرلەبەر لەسەر پایەی نەریتە ترۆکان [ڕەشۆکی] بونیاد نراوە، ئەم سووچە گەورەیەی هەیە، کە هەر چەشنە ڕێ و ڕەچە یان باوەڕدارییەک، بە هەر بارتەقایەک کە نەشیاو و گەندەڵ بێت، بە ڕەوا لەقەڵەم دەدا و هەندە بە ناوی ئیمانەوە تەڵەکەبازی دەپەروەرێنێ، تا هیچ نیشانێک لە چاکەکاری و جوامێری لە ڕێبازە دینییەکاندا نەمێنێت. لە هەمان کاتدا، بتپەرستیی ئەم باڵادەستییە ئاشکرایەی هەیە،.......

(پوختەی)

لە باری دلێری یان داماوییەوە ١٠

لە بەراوردی خوداناسیی و بتپەرستیدا، دەتوانیت بە هەندێ تێبینیی دیکەش بگەیت، کە گەواهیی ئەم گوتە بەناوبانگەیە، کە لە ترۆیی باشترین شتاندا، خراپترینیان دەڕسکێت.

هەرکە هێزی خودا (لە ڕادەبەدەر) سەرتر لە هێزی مرۆڤان پێشان بدرێت، ئەم باوەڕە ئەگەرچی بەگشتی دروستە، بەڵام هەرکە لەتەک ترسەکانی مرۆڤدا ئاوێتە ببێ، خدووی ئادەمیزاد بۆ

نزمترین پایەی ملکەچی و داماوی دادەکشێنێ و سیفەتە دەروێشانەکانی ناخکوژی و تۆبەکاری و خاکەڕایی و ڕەنجبەریی ئۆقرەگرانە، چەشنی خدووی جێی پەسندی بارەگای ئەو (خودا)، دەنوێنرێت. بەڵام کاتێک کە هێزی ئیزەدەکان تەنیا کەمێک سەرتر لە مرۆڤان بقەرسێنرێت و زۆرێک لەوان لە هەمان پایەی نزمی مرۆڤانەوە ئاخێزابن، لە ڕازونیازەکانماندا لەگەڵیان ئاسوودەین و تەنانەت هەندێ جار بەبێ ئەوەی لە کوفر تێوەبگلێین، چاولێگەری یان لاساییان دەکەینەوە. تێکۆشان و تەڕدەماخی و دلێری و لووتبەرزی و ئازادیخوازی و تێکڕای ئەو هێژاییانەی کە نەتەوەیەک گەورە دەکەن، لێرەوە سەرهەڵدەدەن.

قارەمانانی سەردەمی کوفر، کتومت لە باشاری (تقابل/مقابلە.(وەرگێڕ)) قەدیسانی کڵێسای مەسیح و دەروێشانی سپیتای ئیسلامدان. هەنووکە دۆمینیک(١) و فرانسیس(٢) و ئانتۆنی(٣) و بنێدیکت(٤)، جێی هێرکول و تزە و هێکتۆر(٥) و ڕۆمۆلۆسیان(٦) گرتووەتەوە (٧). ئێستا ئیدی لە جێی لەنێوبردنی درنجان و زاڵبوون بەسەر ستەمکاران و پاراستنتی نیشتمان؛ خەڵوەکێشان و ڕۆژوو و ترس و خاکەساری و خۆسپاردنی نۆکەرانە و ملکەچیی بەندایەتییانە لەنێو مرۆڤاندا، بوونەتە ڕێگەی دەستڕاگەیشتن بە شەرەفمەندییە ئاسمانییەکان.

یەکێک لە پاڵنەرە گەورەکانی ئەسکەندەری لەخواترس لە جەنگاوەرییەکانیدا، ڕکەبەرایەتی لەتەک هێرکول و باکوس بوو کە ئەو بەڕاستی شایانی ئەوە بوو خۆی لەوان بە سەرتر بزانێت . برازیداس(٨)، ئەو سپارتییە جوامێر و پایەبەرزە، هەرکە لە جەنگدا کوژرا، خەڵکی ئامفی پۆلیس(٩)، کە لەسای پشتیوانییەکانی ئەودا پارێزرابوون، شانازیی قارەمانێتییان بەو بەخشی .

(پوختەی)

لە باری ئاوەز و بێئاوەزییەوە ١١

ئەمەش تێبینییەکی دیکەیە بۆ ئەم مەبەستە و هەنجەتێکی نوێیە بۆ ئەمە، کە تڕۆبوونی باشترین شتان، خراپترینیان دەرسکێنێ. بەڵام ئەگەر ئەفسانە کوفرئاساکان بەبێ دەمارگیری، بەو چەشنەی کە لە بەرهەمەکانی شاعیراندا ڕەگیان داکوتاوە، تاووتوێ بکەین، بۆمان دەردەکەوێ بەو شێوەیەی کە لە سەرەتاوە بۆی دەچووین، بێئاوەزانە نین. لە کوێدایە دژوارییی تێگەیشتن لەوەی کە هەمان هێز یان بنەواشەیەک کە ئەم جیهانە ماتریالی و مرۆڤان و گیاندارانی ئافراندووە، جۆرێک لە گیاندارانی گوراندووە، کە خاوەن ئاوەزن و گەوهەرێکی تاسولووستر و سەرپشکییەکی زیاتریان لەوانی دیکە هەیە؟ بەئاسانی دەتوانیت وێنا بکەیت، کە ئەم ئافرێنراوانە هەندێ جار هەوەسباز و تۆڵەسێن و شێتۆکە و ئاڵۆشپەرست بن و لەنێو ئێمەشدا هیچ شتێک وەک جڵەوبەردانی سەرپشکیی ڕەها ناتوانێ وەها گوناهانێک بپەروەرێنێ. کورت و پوخت، سەرتاسەری سیستمی ئەفسانەیی، هەر هەندە سروشتییە، کە لە شیمانی نزیک لە ئەرخەیانی (یقین)، بتوانێ لە جێیەک و گۆشەیەک لە پەڕانپەڕی (حیگە) چەشنە لەهەژماربەدەرەکانی ئەستێران و ئەو هەبوانەی کە لە چەقی گەردووندان، بەڕاستی سیمای کارێکی کردەنیی بەخۆوە گرتبێ.......

(پوختەی)

لە باری گومان یان ئەرخەیانییەوە ١٢

ڕۆژانە بەر کەسانێک دەکەوین کە هەندە لە ئاست مێژوودا گومانکارن، کە دەڵێن نەلواوە هیچکات گەلێک بڕوای بە بنەواشە لە ئاوەزبەدەرەکانی وەک ڕێ و ڕەچەی خوداناسانەی یونانییەکان و میسرییە دێرینەکان هەبووبێ و خۆیان هەر لەو کاتەدا لەبارەی دینەوە هەندە چەقبەستوون، کە پێیانوایە ناتوانی ئەم بێئاوەزییانە لە هیچ دینێکی دیکەدا بەدی بکەیت.

کەمبوجییە(١) وەها دەمارگیرییانێکی هەبوون و بە بێڕێزییەوە گاڵتەی بە ئاپیس(٢)، خودای گەورەی میسرییەکان دەکرد، کە لە چاوی ئەوەوە تەنیا مانگایەکی گەورە و بەڵەک بوو.......

(پوختەی)

وێناگەلی کوفرئاسا لە گەوهەری خودایی

لە هەردوو چەشنەکەی دینی ڕەشۆکیدا ١٣

دینی بەرایی ئادەمیزاد، پتر لە ترسێکی پەشێوێن لەبارەی ڕووداوەکانی داهاتووەوە ئاخێز دەکا و بەئاسانی دەتوانیت لەوە تێبگەیت، کە هەرکات مرۆڤان لە جەغزی ترسە جۆربەجۆرەکاندا تووش ببن، دیار و ئاشکرایە، چ خەیاڵانێک لەمەڕ هێزگەلی نەدیدە و نەژنەفتە ختوکەی دڵیان دەدا. [لە وەها دۆخێکدا] بە ناچار هەستەکانی تۆڵەسێنی و تێکۆشان و دڕندایەتی و تۆسنیی هەمەچەشنە، لە پەردەی خەیاڵکرددا پەیدا دەبن و بارتەقای ترسێک کە دینداری واقوڕماو دەهەژێنێ، زیاتر دەکەن. ترس هەرکە گیانی [مرۆڤ] دادەتەنێ، خەیاڵکردی بێئۆقرەی ئەو، پاڵنەرەکانی ترس دووهەندە دەکات و هەر لەو دەمەدا تاریکیی نووتەک یان لەوەش خراپتر، تروسکاییەک کە گەمارۆی داوین، بە ترسێنەرترین دەرکەوتگەلی وێنادار، تارماییە یەزدانییەکان پێشان دەدات.......

(پوختەی)

کاریگەریی خراپی دینە ڕەشۆکییەکان لەسەر ڕەوشت ١٤

لێرەدا بە ناچار دەبێ خاڵێک وەبیر بهێنمەوە، کە ڕەنگە لە چاوی کەسانێکەوە کە خدووی ئادەمیزادیان بە بابەتی توێژینەوە داناوە، شایانی ڕامان بێت. بەبێ هیچ گەنگەشەیەک، لە هەموو

دینێکدا، بە هەر بارتەقایەک کە پێناسە پەیڤەکییەکەی لەمەڕ یەزدانێتییەوە نەرمونیان و باڵا بێت، هەمدیس گرۆیەکی ئێجگار و ڕەنگە زۆربەی شوێنکەوتوانی، تێدەکۆشن نەک لە ڕێگەی هێژایەتی و ڕەوشتی چاک، کە بەلای کەسانی بەرزەدەماخەوە خوازراوە، بەڵکو بە پەیڕەوی لە ڕێ و ڕەچە بێماناکان و سەختیگیریی زیادلەپێویست و کێشمان(جژبە) و بێخودی)خلسە)، یان باوەڕ بە خەیاڵکردانی ڕازئاسا و بێئاوەزانە، پشکیان لە دلۆڤانیی یەزدانی بەر بکەوێ. لە سەددەر(١) و سفر(کتێب)ە پێنجەکییەکانی تەورات، تەنیا هەندێ بەشی ئێجگار کەم لە فەرمانەکانی پەرێزگرتن بەدی دەکرێن و دەتوانین لەوە دڵنیا بین، کە خەڵک کەمتر لە بەشەکانی دی ئەو بەشانەیان دەپاراست و نرخیان بۆ دادەنان. کاتێک ڕۆمییە کۆنەکان تووشی چاوقووڵکە (تاعوون) دەبوون، هیچکات چەرمەسەرییەکانی خۆیان بە زادەی گوناهەکانیان نەدەزانی، یان مشووری تۆبە و قەرەبوویان(کفارە) نەدەخوارد. هەرگیز بیریان لەوە نەدەکردەوە ئەمە سەرۆک دزانی جیهانن، کە بە ڕژدی و هەڵپەی خۆیان، سەرتاسەری گۆی زەوییان کاول کردووە و نەتەوە بەهێزەکانیان خستووەتە تالووکە و دەرۆزەوە، [بەڵکو] تەنیا فەرمانڕەوایەکی سەرەڕۆیان هەڵدەبژارد تا بزمارێک بە دەرگەیەکدا دابکوتێ و ئیدی پێیانوابوو بەم ڕێگەچارەیە، ئیزەدی تووڕەی خۆیان هێور دەکەنەوە.

لە ئەجین(٢) شوێنکەوتوانی یەکێک لە تاقمەکان دەسکاسەیی (دسیسە/مؤامرە)یان کرد و بە ناپاکی و دڕندایەتییەوە حەوتسەد کەس لە هاونیشتمانییانی خۆیانیان کوشت و هەندە لە هۆڤیگەریدا چوونەپێش هەردوو دەستی پەنابەرێکی چارەڕەشیان بڕی، کە پەنای بۆ پەرستگە هێنابوو و توند دەرگەکانی داخستبوو و پاش ئەوەی لە پەرێزی (حریم) پەرستگە دەریانهێنا، دەستبەجێ کوشتیان. هێرۆدۆت دەڵێ: "ئەوان بەم بەدکارییەیان (نەک بە کوشتارە دڕندانە بێشومارەکانی دیکەیان)، خواوەندانیان ڕەنجاند و لە گوناهێکی قەرەبوونەکراوەوە تێوەگلان."......

هەرچەندەیش بێئاوەزیی دڕندان و نەخوێندەواران لە ئاستێکدا بێت کە  لە شوێنەوارە ئاشکراترەکانی سروشتدا -کە بەلایەنەوە گەلێ ئاشنایە - [جێپەنجەی] پەروەردگارێکی فەرمانڕەوا نەبینن، بەم پەسنەشەوە ڕێی تێناچێت کە هەر کەسێکی هۆشیار، ئەگەر ئەم هزرەی پێ بنوێنرێ، لە پەسندکردنی ڕوو وەربگێڕێ. لە هەموو شتێکدا، نیاز و ویست و شیرەتێک بە زەقی دیارە. ئیدی هەرکات دیدی ئێمە هەندە بەرین ببێتەوە کە لەبارەی شوێندەستپێکی ئەم دەزگایەوە، بەرهەستانە تێبهزرین، دەبێ بە ئەرخەیانیی تەواوەوە دان بە هۆی پەروەردگارێکی هوشیار بنێین. هەروەها ئەو بنەواشە هاوشێوانەی کە بەسەر سەرتاسەری پانتایی گەردووندا فەرمانڕەوان، بە سروشت، خۆ ئەگەر بەگوێرەی هەرەپێویستێتی(چرورت) نەبێ، ئێمە بەرەو یەکتایی و بێهاوتایی ئەم [هۆ یان پەروەردگارە] هۆشیارە ڕێنوێنی دەکەن، بەو مەرجەی دەمارگیرییە دەستخستەکانی (اکتساب) ئێمە بەرەوڕووی ڕایەکی وەها لۆژیکی نەبنەوە. تەنانەت دژەکانی سروشت، بە ئاشکراکردنی خۆیان لە هەموو شوێنێکدا، هەنجەتی شیرەتێکی لەبارترن و نیاز یان ویستێکی یەکتا، هەرچەندە بێ پاساو و لە تێگەیشتن بەدەر بێت، دەسەلمێنن.